# رۆڵی کارامەیی ژنان لە گەشەپێدانی پەیوەندیگشتیی دامەزراوە میدیاییەکاندا

م.ی. چنور احمد محمد
Chnur.muhemmed@univsul.edu.iq
بەشی پەیوەندیەگشتیەکانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان

پ.ی.د. کاروان عبدالله محمد
Karwan.muhammad@univsul.edu.iq
بەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە ٢٠٢٤/٩/١٨ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە ٢٠٢٥/١١/٢٥

**پوختەی توێژینەوە:**

ژن وەك كاراكتەرێكی بەهێزی كۆمەڵایەتی و خاوەن كارامەیی جیاواز لە بوارە جۆراو جۆرەكاندا پشكدارە لە بەرەو پێشچوون یان دواكەوتنی كاروباری هەردامەزراوەیەكدا، ئەمەش پەیوەستە بە كارامەیی ژن لە كارو پیشەی جیاواز و لە دامەزراوەی جۆربەجۆرەكاندا,توانای مرۆیی لە پەیوەندیەگشتیەكاندا پەیوەستە بەو كارامەییانەی كە لە پەیوەندیكردندا بوونی هەیە و ئەمەش هاوتەریبەلەگەڵ پێشكەوتن و گەشەپیدانی هەردامەزراوەیەك دەروات.

ئەم توێژینەوەیە کار دەکات لەسەر رۆڵی ئەو کارامەییانەی کە ژن هەیەتی لە پەیوەندیکردا لەسەر گەشەپیدانی پەیوەندیگشتی لە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمەش سود لە بەریوەبەرانی باڵا و ناوەندی دامەزراوە میدیاییەکانی هەریمی کوردستان وەک کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیراوە و نمونەکەشی گشتیە و سەرجەم ئەو دەزگایانە وەرگیراوە کە خۆیان وەک دامەزراوەیەکی میدیایی چەند کەناڵی ناساندووە ، توێژینەوەکە بە میتۆدی وەسفی شیکاری و ڕێبازی راپیوی ئەنجامدراوە بۆ دەرخستنی ئاستی کارامەیی ژن لە پەیوەندیکردندا و رۆڵی ئەو کارامەییانە لە گەشەپیدانی دامەزراوە میدیاییەکاندا.

ئامانجي لەم توێژینەوەیە نیشاندانی كارامەیي پەیوەندیكردنی ژنانە لە پەیوەنیدەگشتیەكان و رۆلییان لە گەشەپیدان و بەرەو پێشبردنی دامەزراوە میدیاییەكان لەرێگەی ئەو كارامەییانەوە.

پرسیاری سەرەكی توێژینەوەكەبریتیە لە(ئەو كارامەییانە چین كە ژنان لە پرۆسەی پەیوەندیكردندا هەیانە؟ ژن بە بونی ئەو كارامەییانە چۆن رۆڵ دەبینن لە بەرەو پێشبردن و گشەسەندنی پەیوەندیەگشتیەكانی دامەزراوەی میدیایی.

لەگرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی كە توێژینەوەكە پێیگەیشتووە بریتین لە

1- **ژمارەی بەشداریکردنی ژنان لەبەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی دامەزراوە میدیاییەکاندا کەمترن بەراورد بە پیاوان.**

**2- ژنانی کارمەندی پەیوەندیگشتی کارامەترن لەپەیوەندیکردن و کاریگەرترن لە باوەڕپێهێناندابەراورد بەپیاوان.**

**3- ژنان ڕۆڵیان هەیە لەگەشەپێدانی دامەزراوە میدیاییەکاندا بەهۆی کارامەیی و پابەندبوونیان بەبنەما زانستیەکان لە پەیوەندیکردن.**

**کلیلە وشەکان:** کارامەیی پەیوەندیکردن،ژن،دامەزراوەی میدیایی

## پێشەکی

پەیوەندیکردن وەك رەفتاریکی مرۆیی پرۆسەیەکی بەردەوامەو تەواوی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی گرتوتەوە، جۆر و تواناو کارامەیی لە پەیوەنیدیکردندا بۆتە بەشیك لە هەنگاوەکانی گەشەپیدانی هەر دامەزراوەیەك و هۆکاری سەرکەوتن یان شکستی کاری ئەو دامەزراوەیە. پەیوەندیە گشتیەکان وەك کارو بەشیکی کارای نیو دامەزراوەکان پیویستی بە کارامەیی توانای مرۆیی هەیە بۆ گەشەپیدانی ئەو دامەزراوەی کە کاری تێدا دەکات،ژنان خاوەنی ڕۆڵی کاران لەبوارەجیاوازەکانی ژیاندا و کارامەییەکانیان لەبواری پەیوەندیکردندا خزمەت بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوەکان دەکات و لەنێویشیاندا.دامەزراوە میدیاییەکانن کە بەبایەخەوە لەچۆنێتی بەڕێوەچوونی پەیوەندیەکانیان دەڕوانن و بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵیانداوە لەڕێگەی بەشی پەیوەندیەگشتیەکانەوە بەشێوازێکی زانستی کارەکانی پەیوەندیکردن ڕێکبخەن و ژنان لەوکارەدا بەشدارییپێبکەن.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوە:

لە پەیوەندی گشتی دامەزراوەکانی راگەیاندن کارامەیی کارمەندەکان لە توانای قایلکردن و بەریوەبردنی پەیوەندیگشتی رۆلی سەرەکی دەبینێت، لەم نێوەندەدا کارامەیی کارمەند بە بەراوردی رەگەزی جیگەی لیتوێژینەوەی زانستییە، پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیەبریتیەلە: ئەو کارامەییانە چین کە ژنان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا هەیانە؟ ژن بە بونی ئەو کارامەییانە چۆن رۆڵ دەبینن لە بەرەو پێشبردن و گشەسەندنی پەیوەندیەگشتیەکانی دامەزراوەی میدیایی؟

دووەم: گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەنجامدانی توێژینەوە لە خودی بابەتەکەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەربارەی کارامەیی ژنانە لە پەیوەندییە گشتیەکان، هەروەها دیاریکردن و خستنە رووی کارامەیی ژنان لە پەیوەندیگشتی، لە ڕووی زانستیەوە هەوڵێکی نوێیە کە توێژینەوە لەم بابەتە سەردەمییە بکرێت بەشێوەیەکی ئەکادیمی و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی، لە ڕووی مرۆییەوە گرنگی بەتوێژێکی گرنگی ناو کۆمەڵگە دەدرێت لە ڕێگەی لێتوێژینەوە و لێکۆڵینەوەوە کە ئەویش ژنانن.

سێیەم: ئامانجی توێژینەوە:

توێژەران ئامانجی سەرەکیان لەم توێژینەوەیە نیشاندانی کارامەیی پەیوەندیکردنی ژنانە لە پەیوەنیدەگشتیەکان و رۆلییان لە گەشەپیدان و بەرەو پێشبردنی دامەزراوە میدیاییەکان لەڕێگەی ئەو کارامەییانەوە.

هەرچی ئامانجی لاوەکیشە خۆی دەبینێتەوە لە خستنە رووی ئەو کارامەییانەی کە ژنان هەیانە لە پرۆسەی پەیوەندی گشتی بۆ پێشخستنی دامەزراوەی میدیایی.

چوارەم: جۆری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوەی وەسفیە، بەمەبەستی زانینی رۆڵی کارامەیی ژن لە پەیوەندیگشتی بۆ بەرەو پێشبردنی دامەزراوە میدیاییەکان .

پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە:

توێژینەوەکە پشت بەمیتۆدی ڕاپێوی لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە، دەبەستێت بۆ سامپڵێکی دیاریکراو لە بەڕیوەبەرانی بالاو ناوەندی دامەزراوکانی راگەیاندن

شەشەم:کۆمەڵگاو سامپڵی توێژینەوە:

کۆمەڵگای توێژینەوە دامەزراوەکانی راگەیاندنە لە هەریمی کوردستان،سامپڵی توێژینەوەکەبریتیە لە بەرێوەبەرانی بالاو ناوەندی دامەزراوەکانی راگەیاند کە پێکدێن لە ٥٠ بەریوەبەری بالاو ناوەند لە بەریوەبەرانی گشتی و بەریوەبەری پەیوەندییە گشتییەکان و بەریوەبەری بەرهەمهێنان و بەریوەبەری ئیدارەو بەریوەبەری هونەری و بەریوەبەری تەلەفزیۆن و رادیۆ و دیجیتال میدیا و چاپەمەنی ئەو دامەزراوانە.

حەوتەم. ئامرازی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا زانیاریەزانستیەکانی تایبەت بەبابەتی توێژینەوەکە بەکارهێنراون،هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەرولێپرسراوانی بەشی پەیوەندیگشتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامدراوە،وە فۆرمی ڕاپرسی بەکارێنراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی پرسیارەکانی توێژینەوە وشیکردنەوەی وەسفی بۆ خودی داتاکان کەنمایشی وەڵامدانەوەی سامپڵی توێژینەوە دەکەن.

هەشتەم: سنوری توێژینەوە

سنوری توێژینەوەکە (3/سێ)بوار لەخۆی دەگرێت

1-بواری مرۆیی:بریتیە لە 50 کارمەندی دامەزراوە میدیاییەکان

2-بواری شوێن:برتیە لەهەرێمی کوردستان کە دامەزراوەمیدیاییەکان تیایدا کاردەکەن

3-بواری کات:ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دەکەوێتە بەرواری2024/3/1بۆ 2024/6/1

**نۆیەم:راستی رواڵەتی**

بەمەبەستی دڵنیابوون لەدروستی و زانستی بوونی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری تویژینەوەکە، توێژەران ( فۆرمی ڕاپرسی)یان ئامادەکردوە خستیانە بەردەم ژمارەیەك لە شارەزاو پسپۆران لە بواری پەیوەندیگشتی و راگەیاندن وپسپۆرێکی بواری کۆمەڵناسی1، ئەمەش بۆ زانینی لایەنە لاوازەکانی فۆرمەکەو دەرخستنی ئاستی دروستی و نادروستی برگەکانی و پەیوەندییان بە هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکەو هەڵسە نگاندنی پرسیارەکانی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی و ریزبەندیەوە، ئەم هەنگاوە بەشێوەیەکی گشتی دروستی و ئاستی (فورمی ڕاپرسی)مکە پیشان ئەدات و توانستی ناوەرۆکەکەی لە هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا دەردەخات. دوای پێداچوونەوەی شارەزایان و پسپۆران بە فۆرمەکەدا سەرنج و تێبینیەکان بەهەند وەرگیرا لەلایەن توێژەرانەوەو لەو رووەوە توێژەران چەند پرسیارێکی پێویستیان زیادکرد وگورانکاریان لەهەندێ برگەدا کرد و تاکو ئەو ئاستەی فورمەکە بەگونجاو زانرا بۆ دابەشکردنی بە سەر مشتە(عینە)ی توێژینەوەکەدا بە جۆرێك رێژەی ڕاستگۆیە کەی (الصدق): 95 % بوو

ئەو پسپۆرانەی کە هەستان بە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپرسی بریتیبوون لە؛

أ. پ.د. بەهادین محد ، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی ، پەیوەندیگشتی [1]

ب. پ.ی.د. لانە صابر، زانکۆی سلێمانی ، پەیوەندیگشتی

ج. پ.د نەزاکەت حەمەسەعید،زانکۆی سلێمانی،پسپۆری ڕاگەیاندن

د. پ.ی.د بۆهان عوسمان حەمەحسێن،زانکۆی سلێمانی ،پسپۆری ڕاگەیاندن

ە. پ.د ژیا عباس قادر،زانکۆی سلێمانی،پسپۆری کۆمەڵناسی

دەیەم: جێگیری فۆرمی ڕاپرسی

پاش ئەوەی توێژەران ڕاپرسیەکەیان تەواو کرد، بۆ بەدەستهێنانی جێگیری توێژەران ١٠% ی فۆرمەکانیان بە دانانی کۆد لەسەریان بەسەرسامپڵی توێژینەوەکە دابەشکردەوە,دەرئەنجام بەهای جێگیری بەم شێوەیە بەدەست هات:

خشتەی ژمارە(1) تایبەت بەخستنەڕووی ڕاستی جێگیری ( مقایس کرونباخ الفا )

| پێوەری گشتی | بەهای جێگیری ( مقایس کرونباخ الفا ) |
|---|---|
| مقایس کرونباخ الفا | 0.885 |

خشتەی سەرەوە نیشانی دەدات کە زانیاری تایبەت بەجیگیری (مقایس کرونباخ الفا) بۆ پرسیارەکانی تایبەت بە تویژینەوەکە بە شیوەبەکی گشتی، دەردەکەویت بەهای جیگیری بە شیوەیەکی گشتی بە ریگەی (مقایس کرونباخ الفا) دەکاتە (0.885) کە گەورەترە لە بەهای (0.65) وبەهایەکی یاش دەردەخات،ئەم دەرئەنجامەش ئاماژەیە بۆ جیگیری باش لە پرسیارەکاندا.

یازدەیەم:ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە:

- کارامەیی: کارامەیی رەفتاریکی مەبەستداری یارمەتیدەرە لە باشترگەیشتنی پەیام و بەدیهاتنی کاریگەری لەسەر وەرگر، لە پەیوەندیکردندا کارامەیی تواناى کارلێکە لەنێوان نێرەر و وەرگر،هەوڵدانە بۆ گەیاندنی پەیام بەباشترین شێوازو کەمترین بەربەست.

- ژن: مەبەست لە ژن لەم تویژینەوەیە رەگەزی مێیینەیە کە لە بەشی پەیوەندیگشتی دامەزراوە کاردەکات.

- دامەزراوەی میدیایی: هەمو ئەو دەزگا چەند کەناڵیانە دەگریتەوە کە لە بواری راگەیاندن و گەیاندنی پەیام و بەرهەمهیناندا کار دەکەن.

یازدەهەم:توێژینەوەکانی پێشوو

لەدوای گەڕان بەدوای توێژینەوەی پێشو توێژەران هیچ توێژینەوەیەکیان بەدەستنەکەوت لەژێرهەمان ناونیشاندا،هەربۆیە چەندتوێژینەوەیەکی نزیکیان لەم توێژینەوەیە وەرگرتووە بەمجۆرە:

یەکەم توێژینەوەی(هومن پهلوی)بە ناونیشانی (اثربخشی زنان در مدیریت روابط عمومی ها)ساڵی نوسینی توێژینەوەکە(2020)ە،توێژینەوەیەکی شیکارییە کاری کردووە لەسەر تواناو کارامەیی ژنان لە پەیوەندیە گشتییەکانی دامەزراوە دەوڵەتییەکان و

بەڕێوەبردنی بەشی پەیوەندیەکان لەو دەزگایانەدا ،بەشێوەی ڕاپرسی کاری کردووە لەگەڵ ژنانی کارمەندی پەیوەندیە گشتییەکان،پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئایا ژنان لە پەیوەندیە گشتیەکان کارامەیی جیاوازیان هەیە کە کاری پەیوەندیە گشتیەکان بەرەوپێش بەرێت؟ ئەو ئەنجامانەی کە دەست کەوتون گرنگترینیان بریتیە لەوەی کە ژنان لەکاری پەیوەندیە گشتییەکاندا توانای باوەڕپێهێنانیان زیاترە، هەروەها کارامەیی ڕازیکردن و ڕاگرتنی قەیرانەکانیان زیاترە و کاریگەرترن،لەگەڵ ئەوەشدا ژنان کارامەیی زیاتریان هەیە لەڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ سەرکارەکان و توانای تێگەیشتنی بەرامبەریان زیاترە.

دووەم توێژینەوەبەناونیشانی(نقش زنان در روابط عمومی سازمان ها)ی توێژەر(محمد فتوحی)ساڵی نوسینی توێژینەوەکە(2021)ە،توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە کاری لەسەر ڕۆڵی ژن کردووە لە پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە بازرکانییەکاندا،پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئایا ژنان ڕۆڵیان هەیە لە بەڕێوەبردنی پەیوەندی گشتی لە دامەزراوەکاندا؟لەگرنگترین ئەو دەرەنجامەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتیە لەوەی کە بۆ گەشەکردنی کاری پەیوەندی گشتی لە کۆمپانیاکان ژنان ڕۆڵی بەرفراوان و کارا دەبینن بەتایبەت لە زیادکردنی کڕیار و هەوادارانی کۆمپانیاو بەرهەمەکانیان.

سێیەم توێژینەوە بەناونیشانی(اثرمهارات الاصال علی فعالیة العلاقات العامة)ی توێژەر(**جعرون امینة**) ساڵی نوسینی توێژینەوەکە(2018)ە، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییەکاری لەسەرکاریگەری کارامەییەکانی پەیوەندیکردن کردووە لەبەدیهێنانی کارایی لەپەیوەندیەگشتیەکاندا بۆگەیاندنی پەیامەکانی بەباشترین شێوەبەجەماوەر،لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتیە لەکارامەییەکانی پەیوەندیکردن کاریگەری گەورەیان هەیە لەباشترکردنی پەیوەندیەکانی دامەزراوەوپیشاندانی وێنەی ئەرێنی لەبەڕێوەبردنی پەیوەندیەگشتیەکاندا.

**بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە**

**یەکەم:پەیوەندیکردن (Communication)** :ڕەفتارێکی مرۆییە، مرۆڤەکان لەڕێگەی پەیوەندیکردنەوە زانیاری و بیروبۆچوون و بەها باڵاکان، هەروەها شارەزاییەکانیان دەگۆڕنەوە.(الشمری،2009،ل16).

پرۆسەیەکی بەردەوامەو بە دەگمەن دەکرێت بووترێت کەلایەنێکی ژیانی دیاریکراو هەیە پێویستی بە پەیوەندیکردنی بەردەوام نەبێت، لە پەیوەندیە گشتیەکانیشدا پەیوەندیکردن ئەو پرۆسەیەیە کە لە ڕێگەیەوە ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیروبۆچوونەکان و ڕاستیەکان دەکرێت لە نێوان هەردامەزراوەیەك لەگەڵ جەماوەرەکەی بە مەبەستی بەدیهێنانی لێکتێگەیشتنی هاوبەش.(مجاهد،2010،ل75).

لە گرنگترین ئەو کارانەی پەیوەندیەگشتیەکان لە هەر دامەزراوەیەکدا ئەنجامیدەدات پرۆسەی پەیوەندیکردنە و شارەزایان و توێژەران پێیان وایە کە هەر لە بنەماوە پەیوەندیەگشتیەکان بۆخۆی بریتیە لە توانای پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاری بەشێوازێکی کارامە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر لایەنی بەرامبەر(جەماوەری دامەزراوە).(العدوی،2011،ل 226)،وە لەبەر گرنگی و ڕۆڵی پەیوەندیکردن پرسیاری سەرەکی لەبواری بەرەوپێشچوونی هەردامەزراوەیەك ئەوەیە کە: چۆن پرۆسەی پەیوەندیکردن بکرێتە ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوە؟.(الجمال وعیاد،2005،ل214)

بۆ ئەم مەبەستەش زۆر ڕێگەو شێوازو ئامرازهەن کە پەیوەندیەگشتیەکان بەکاریان دەهێنێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ جەماوەری دامەزراوە،جا لەڕیگەی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆی ڕوو بە ڕوو کە شێوازێکی کاریگەرەو تایبەتمەندی باشی هەیە لە پەیبردن بە ڕادەی کایگەری و ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتاری وەرگر، یاخود بەهۆی ئامراز و کەناڵی تایبەتەوە (العدوی،2011،ل227) .

کارامەیی لە پەیوەندیکردندا یارمەتیدەرە لە باشترگەیشتنی پەیام و بەدیهاتنی کاریگەری لەسەر وەرگر،لە پەیوەندیکردندا کارامەیی بریتیە لە تواناى کارلێك لەنێوان نێرەر و وەرگر،هەوڵدانە بۆ گەیاندنی پەیام بەباشترین شێوازو کەمترین بەربەست.(جودة واخرون،2008،لا221).

**دووەم:کارامەییەکانی پەیوەندیکردن لەپەیوەندیەگشتیەکاندا**

ئەو کارامەییانەی کە پەیوەندیەگشتیەکان بەکاریان دەهێنێت لە بواری پەیوەندیکردندا بریتین لە: کارامەیی خوێندنەوە(Reading Skills )،کارامەیی نووسین (Skills Writing)،کارامەیی گوێگرتن (Skills Listening)،کارامەیی قسەکردن (Speaking Skills)،کارامەیی بیرکردنەوە(Skills Thinking) وەکارامەیی لە پەیوەندیکردنی نازارەکی(Non Verbal Communication). (جودة واخرون،هەمان سەرچاوە،لا233)

هەریەکێك لەم کارامەییانە تایبەتمەندی و کاریگەری خۆی هەیە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا، بۆ تێگەیشتن لە ئاستی کاریگەریان هەریەکێکیان بەجیا شیدەکەینەوە.

**1-کارامەیی خوێندنەوە(Skills Reading):**خوێندنەوە وەرگرتنی پەیام و زانیاریە لە نووسراوەکانەوە،پرۆسەی لێکدانەوەو شیکردنەوەی نووسراوەکانە(چاپکراو) بە ئامانجی تێگەیشتن لێیان، ئەم پرۆسەیە ساناو ئاسان نیە بەڵکو کارلێکی نێوان دەربڕینەکانی نووسەرە لەگەڵ تواناکانی پەیبردن لای خوێنەر لە پرۆسەیەکی زیهنی و ئاڵۆزدا.(الدیسی،2019،لا30)

خوێندنەوە بە کلیلی زۆرێك لە زانست و زانیاریەکان ئەژماردەکرێت و بایەخ وگرنگیەکەشی لە تێگەیشتنی پەیامە نووسراوەکانەوە سەرچاوەدەگرێت،هەروەها ڕێگایەکە بۆ پەیوەندیکردن وخوێندنەوەی باش دەرئەنجامی باشی دەبێت لەسەر کۆی پرۆسەی پەیوەندیکردن.

لە ڕوانگەی ئامانجەکانی خوێنەرەوە سێ ئاست بۆ پرۆسەی خوێندنەوە دیاریکراوەکە ئەوانیش بریتین لە :( خوێندنەوەی دێرەکان-خوێندنەوەی نێوان دێرەکان- خوێندنەوەی ئەودیوی دێرەکان).( اسماعیل،2021،لا69)

بەپێی جۆرەکانیشی خوێندنەوە دابەشدەبێت بۆ: خوێندنەوەی شیکاری کە ئامانج لێی شیکردنەوەی دەقی نووسراوە، خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ دەرخستنی لایەنی بەهێزو کەموکوڕییەکانی نووسراو،هەروەها خوێندنەوەی داهێنەرانەو خوێندنەوەی کارلێکاری-تفاعلی.(اسماعیل،هەمان سەرچاوە،لا 70)، بە لەبەرچاوگرتنی  کاتی دیاریکراو بۆ خوێندنەوە کە هەندێکجار پێویست دەکات لەماوەیەکی دیاریکراودا پەیامێك وەڵامبدرێتەوە خێرایی لە خوێندنەوەدا کارامەییە وهونەری تایبەتی خۆی هەیە.(جودة و زغبی،2008،لا233)

سەرنجدان و کارامەیی لە خوێندنەوەدا کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنێتی وەڵامدانەوەو ڕەفتاری کەسی خوێنەر(کارمەندی پەیوەندیەگشتیەکان) لە دامەزراوەکاندا .(محمد،2006،لا227).

**ب-کارامەیی نووسین (Skills Writing):**نووسین پەیوەندیکردنە بە زمانی نووسراو،گواستنەوەی بیروبۆچوون و زانیاریەکانە لە نووسەرەوە بۆ خوێنەر بە ئاماژەگەلێك کە هەردووکیان لەسەریان ڕێککەوتوون ولێی تێئەگەن.(اسماعیل،2021،لا118)،پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو تێکەڵەیەکە لە چالاکی هزری و بینین و جوولە،ڕێگەیەکی پەیوەندیکردنە کە زۆرجار نێرەر و وەرگر یەکتری ناناسن و تەنها وشەکان پەیوەندی نێوانیان دەرئەخات کە تاچەند لەیەك تێئەگەن،شێوازەکانی نووسین بەگشتی دابەشی دووجۆری سەرەکی دەبن کە ئەوانیش:(کنعان،2014،لا86)

1. نووسینی وەزیفی(بابەتی):ئەو نووسینەیە کە بۆ جێبەجێکردنی وەزیفەیەکی دیاریکراو پێویستە لە ڕاییکردنی کارەکانیدا و پێویست بەشارەزایی لە وەزیفەکەدا دەکات.
2. نووسینی داهێنەرانە(ئەدەبی): مەبەست لە داهێنانە لە شێوازی نووسین و بەکارهێنانی هونەرو ئەدەب وداهێنانە تیایاندا وەك هۆنراوەو پەخشان و ڕۆمان و......

کارامەیی نووسین بریتیە لە توانای داڕشتنەوەو ڕیکخستنەوەی گونجاوی وشەکان بەوجۆرەی کە خوێنەر دەخوازێت و لێی تێئەگات،بەواتای گەیاندنی پەیامە بەباشترین شێوە بە نووسراوی.(Raju A Swany،2022،لا13)، تایبەتمەندیەکی گرنگە وپێویستە کارمەند وبەرپرسانی پەیوەندیە گشتیەکان هەیانبێت، بەڵام ئەمە بەومانایە نایات کە بتوانن شێوازی نووسینی ئەدەبی و باڵا بەکارهێنن،بەڵکو نووسین بەشێوازێکی ڕوون و ئاشکراو دوور لە بەکاهێنانی چەمکی ئاڵۆز و وشەی نەناسراو یان هەڵگری زیاتر لە یەك مانابێت،چونکە ئەرکی نووسین لەپەیوەندیە گشتیەکاندا هەرلەبنەماوە بریتیە لە گواستنەوەی پەیام و زانیاری لە دامەزراوەوە بۆ جەماوەرەکەی بەبێ شێواندن.(عابد و ابوالسعید،2014،لا158)،بۆیە نووسینی دەقێکی بێ هەڵەو کەموکوڕی و خاڵی لەدەستەواژەی ئاڵۆزبەتایبەتی لە نووسینی ڕینمایی و یاساکانی کار،هەروەها نووسین بۆئامرازەکانی پەیوەدیکردنی جەماوەری توانایەکە پێویستە لە کارمەندی پەیوەندیە گشتیەکاندا هەبێت.(العدوی،2011،لا173)

بۆئەوەی مەبەستی نووسین بەباشی بەدیبێت پێویستە چەند تایبەتمەندیەك لەخۆبگرێت وەك:(بەکارهێنانی دەستەواژەوچەمکی ناسراو و دوورکەوتنەوە لەوانەی کەزیاتر لەمانایەك هەڵدەگرن،ناساندنی دەستەواژەی نوێ ئەگەر هەبو، بەکارهێنانی ڕستەی کورت وبکەرو دیاربەپێی یاسا ڕیزمانیەکان، هەمیشە نووسینەکان ئەرێنیبن و بەوجۆرەی کە گەشبینی دروستبکەن . (الحسینی و محمد،2019،لا136و137)

**ج-کارامەیی گوێگرتن(Skills Listening):**گوێگرتن پرۆسەی خوێندنەوەیە بە گوێچکە، مەرجی سەرەکی پەیوەندیکردنی زارەکیە و بایەخەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەهۆکاری بەردەوامیە لە پەیوەندیکردن،کارامەیی گوێگرتن ئاڵۆزە وپێویست بەئاگایی و مەبەست و سەرنجی گوێگر دەکات بە ئامانجی تێگەیشتنی تەواوەتی.(القمیزی،2017،لا89)

گوێگرتن سێ ئاستی هەیە،ئەوانیش: 1- ئاستی بیستن کە پەیوەندی بەسەلامەتی کۆئەندامی بیستنی مرۆڤەکانەوە هەیە وبەبێ ویستی مرۆڤ گوێی لەدەنگەکان دەبێت.

2- ئاستی گوێگرتن:کە تیایدا بایەخ وگرنگی بەدەنگەبیستراوەکە دەدرێت بەمەبەستی تێگەیشتن لێیان.

3-ئاستی گوێڕادێری کە ئاستێکی باڵایەوتوانای وردبوونەوەوتێگەیشتنە لەبیستراوەکان بەمەبەستی گەیشتن بە بڕیاردان.(سلیمان،2014،لا199).

مەرجێکی گرنگ لەمەرجەکانی پەیوەندی سەرکەوتوو لەپەیوەندیەگشتیەکاندا گوێگرتنە چونکە وادەکات هەستی بەردەوامبوون و دڵنیایی بدات بە قسەکەر(مامەڵەکار)وتوانای ڕەفتاری گونجاویش ئەدات بەگوێگربەتایبەت لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان و ئاماژەجەستەییەکانیدا(عساف وصالح،2004،لا83)،کارمەندی پەیوەندیەگشتیەکان بۆئەوەی دەربیخات کەبایەخ بە گفتوگۆکردن دەدات دەبێت گوێگرێکی باش بێت وکارلێکی تەواوەتی هەبێت لەگەڵ بابەتی گفتوگۆوکەسی قسەکەردا.(عابد و ابوالسعید،لا158).

**د-کارامەیی قسەکردن (Skills Speaking):**قسەکردن یەکێکە لەگرنگترین داهێنراوەکانی مرۆڤایەتی کەبۆتێگەیشتن لەیەکتری وپەیوەندیکردن بەکاردێت،وەلەگەڵ بەرەوپێشچوونی ئامرازوشێوازەکانی پەیوەندیکردنیشدا بایەخ وگرنگی خۆی لەدەستنەداوەوئامرازێکی گرنگ و ئاسان وبەردەستە بۆهەمووان (ابوالنصر،2012.لا14)،زمان ئامرازی دەربڕینە وکارامەیی

لەقسەکردندا گرنگیدانە بەوئامرازە وبەکارهێنانێتی بەگونجاوی وبەڕێکی،کارامەیی لەقسەکردندابەنەمای هەمووکارامەییەکانی وەك:ووتاردان و چاوپێکەوتن و هونەرەکانی باوەڕپێهێنان و ووتنەوەی وانەو تەنانەت پێشکەشکاریش دادەنرێت چونکە هەموویان لەمەوە ڕیچکەدەگرن.(حسین،2010،لا132)

پەیوەندیکردنی زارەکی بۆبەجێگەیاندنی ئەرك ومەبەستی تایبەتیی بەکاردێت وەك:دەربڕین وشێوازی ڕەفتارکردن،جێبەجێکردنی ئەرك وکار،گەیاندنی بیروبۆچوون ودروستکردنی باوەڕ،بیناکردنی کەسایەتی و....(حسین،هەمان سەرچاوە،لا143)

گرنگەبۆئەوکەسانەی لەبواری پەیوەندیەگشتیەکاندا کاردەکەن کارامەیی قسەکردنیان هەبێت چونکەتوانای باوەڕپێهێنان وکاریگەری وسەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندیکردن باشتردەکات،هەروەها لەئەرکی چاوپێکەوتن ولێدوانی ڕۆژنامەوانی وخستنەڕووی فرۆش ومامەڵە لەگەڵ سەوداکاراندا کاریگەری باشی دەبێت.(ابواصبع،2006،لا31)،بەڵام کارامەیی بەمانای شێوازی سەرنجڕاکێش ولۆجیکی دێت لەگواستنەوەی پەیام وبیرۆکە،هەروەها دانانی کاریگەری لەسەربیروڕای گوێگران نەك بەمانای گفتوگۆی ئەدەبی وتێخزاندنی وشەی زیاتر لە پێویست.(عابد و ابوالسعید،2014،لا158)،هەروەها پێویستە جەخت لەسەربابەتی سەرەکی بکرێت دوور لە بەلاڕیدابردن وڕازاندنەوە بەتایبەت لەلێدوانی ڕۆژنامەوانی و هەواڵ کەپێویست دەکات لەکاتێکی دیاریکراودا بابەتەکە بگات.

**و-کارامەیی بیرکردنەوە(Skills Thinking):**بیرکردنەوە پرۆسەیەکی زیهنیە،هەوڵی شبکردنەوەولێکدانەوەی هەموو ئەوشتانەیە کەبیستومانەوهەستمان پێکردووە بۆئەوەی بڕیاریان لەبارەوەبدەین.(دعمس،2014،لا13)،بیرکردنەوە نەنها یەك چالاکی نیە،بەڵکو زنجیرەیەك چالاکی بەردەوامە وکارامەییش لە بیرکردنەوەدا چۆنێتی ڕیکخستنی ئەوچالاکیانەیە بۆئەوەی دەرئەنجامێکی گونجاویان هەبێت.(عبدالعزیز،2016،لا24)

پەیبردن بەکارامەیی بیرکردنەوە ئاسان نیە چونکە زیاتر چەمکێکی گریمانەییە نەك بەرجەستە،بەڵام دەکرێت بەپێوانەکردنی دەرئەنجامەکانی بە چەندپێوەرێکی دیاریکراو بڕیاری لەسەربدرێت ،هەروەها بایەخ وگرنگیەکەشی لەوێوەسەرچاوەدەگرێت کە بەردی بناغەی کۆی مەعریفەیە لای مرۆڤ. (عدنان،2019،لا68)،شێوازەکانی کارامەیی لەبیرکردنەوەدا بریتین لە:(دعمس،2014،لا15)

بیرکردنەوەی بیناکردن: لەبەرچاوگرتنی بۆچوونەجیاوازەکانە بۆدروستکردنی بۆچوونی نوێ وجیاوازلەوانیدی.

بیرکردنەوەی نموونەیی:توانای گەیشتنەبەدەرئەنجامی نمونەیی لەبەدیهاتنی ئامانجدا.

بیرکردنەوەی بابەتی:توانای پێدانی مافی تەواوبەبێ لایەنگیری.

بیرکردنەوەی شیکاری: توانای شیکردنەوەی سەرجەم لایەنەکانی بابەتەکە.

بیرکردنەوەی واقیعی:واتە دوورلەتێکەڵکردنی خەیاڵ وشتی زیادوکەم.

سروشتی کارکردن لەپەیوەندیەگشتیەکاندا ڕۆتینی نیە،بەڵکو ئاڵنگاری وئازەگەری زۆری تێدایەو پێویستی بە داهێنان و دەستپێشخەری هەیە لەبیرۆکەوبڕیاردانەدا بەتایبەت ئەوانەی کەپەیوەستی کاتێکی دیاریکراوە.(جودە واخرون،2008،لا235)،توانای بیرکردنەوەوهەستکردن بەتەواوی لایەنەکانی بابەتەکە بەلۆجیکی گونجاو، داهێنانی چارەسەری نموونەیی کێشەکان بەجۆرێك کەخزمەت بەدامەزراوەوبەرژەوەندیەکانی بکات،هەروەها لەبەرچاوگرتنی کات ڕەگەزێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەیە لە چۆنێتی بڕیاردانەدا.(سلیم،2013،لا38)،هەمووئەم هۆکارانەش پێویستی بەتواناوکارامەییە لەبیرکردنەوەدا،هەربۆیە کارمەندوشارەزای پەیوەندیەگشتیەکان پێویستیان بەکارامەییە لەبیرکردنەوەدا.

**ز-کارامەیی لە پەیوەندیکردنی نازارەکی(Communication Verbal Non):**کە زۆرجاریش بە (زمانی بێدەنگ)ناودەبرێت،ئەوجۆرەی پەیوەندیکردنە کە لەجێی ووشە ئاماژەوجووڵەی تایبەتی جەستە بەکارئەهێنێت بۆ دەربڕین و بەڕاستگۆیی دەناسرێت چونکە زۆرجارکاردانەوەجەستەییەکان بێ ویست وئاگایی دەبێت.(مجاهد،2010،،لا76)،هەندێکجار ئاماژەکان ماناکانی ئەودیوی ووشەکان دەرئەخەن وگرنگە تێگەیشتنی هاوبەش هەبێت لەنێوان لایەنەکانی پەیوەندیکردن (نێرەرو وەرگر)بۆ لێکدانەوەیان،زەردەخەنە،ئاماژەکانی چاو،جووڵەی دەستوپەنجەکان،سەرلەقاناندن و شان هەڵتەکاندن،پۆشینی جلوبەرگ و ڕەنگ و ستایلی تایبەتی،هەروەها چۆنێتی ڕێکخستنی شوێنی کارکردن و ڕێکخستنی دووریەکان و.....دەربڕینی هەست و مانای تایبەتین.(جوده واخرون،2008،لا236-240)

بەکارهێنانی پەیوەندیکردنی نازارەکی بۆ چەند مەبەستێکی وەك:دووبارەکردنەوەی ئەوەی ووتراوە یان دڵنیاکردنەوەی بۆ بەرامبەر،وەك تەواوکاری،ڕیکخستنی پەیوەندی وەك ئاماژەدان بۆ دەستپێکردن یان کۆتایی پێهێنان. (ابواصبع،2006،لا37)، یاخود ئەکرێت بۆ جێبەجێکردنی پێچەوانەی ئەوەی کە ووتراوە بەکاربێت بەتایبەت کە وەك ئاماژەیەکی نهێنی لە نێوان دووکەس یان زیاتربێت.(عساف وصالح،2004.لا77)

بەشێوەیەکی گشتی شارەزایی لە بەکارهێنانی پەیوەندیکردنی نازارەکی و کارامەیی لە شیکردنەوەی ئاماژەکاندا گرنگە بۆبەدیهاتنی تێگەیشتن ،هەربۆیە پێویستە کارمەندوشارەزای پەیوەندیەگشتیەکان ئەم تایبەتمەندیەیان هەبێت و بەشێوازێکی ڕاست بەکاریبهێنن.(سلیم،2013،لا39)

بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

ڕۆڵی کارامەیی ژنان لە گەشەپیدانی پەیوەندیگشتیی دامەزراوە میدیاییەکاندا

**تەوەری یەکەم : زانیاری تایبەت بەسامپڵی توێژینەوەکە**

**١. تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە**

**خشتەی ژمارە (2) خستنە رووی سامپڵی توێژینەوەکە لە روانگەی تەمەنەوە**

| ز | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٨ـ٢٢ ساڵ | ١ | ٢ | ٧ |
| ٢ | ٢٣ـ٢٧ ساڵ | ٢ | ٤ | ٦ |
| ٣ | ٢٨ـ٣٢ ساڵ | ٣ | ٦ | ٥ |
| ٤ | ٣٣ـ٣٧ ساڵ | ٦ | ١٢ | ٣ |
| ٥ | ٣٨ـ٤٢ ساڵ | ٨ | ١٦ | ٢ |
| ٦ | ٤٣ـ٤٧ ساڵ | ٢٥ | ٥٠ | ١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧ | **48-٥٢ سال** | ٤ | ٨ | ٤ |
| ٨ | **٥٣ ـ زیاتر** | ٠ | ٠ | ٨ |
| | **کۆ** | ٥٠ | ١٠٠ | |

خشتەی ژمارە(2) تەمەنی **سامپڵی توێژینەوەکە**دەردەخات کە تیایدا تەمەنی(٤٣-٤٧ ساڵ) بەپلەی یەکەم دێن و بریتین لە(25)کەس وڕێژەی(٥٠%) بەرتوێژان پێکدەهێنن وزۆرترینن، تەمەنی(٣٨-٤٢ ساڵ) کە دووبارەیان (16)کەسن بەپلەی دووەم و ڕێژەی(16%)ی کۆی **سامپڵی توێژینەوەکەن**،بەپێی دەرئەنجامی خشتەکەدەرکەوتووە تەمەنی (٥٣–زیاتر)هیچ دووبارەیەکیان نیەوڕێژەی(0%)پێکدەهێنن،ئەم دەرئەنجامەش ڕوونی دەکاتەوە کەلەتەمەنی 53وزیاتر لەنێو **سامپڵی توێژینەوەکە**نیە.

**٢. ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە**

**خشتەی ژمارە(3) خستنە ڕووی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە**

| ز | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | **نێر** | ٣٨ | ٧٦ | ١ |
| ٢ | **مێ** | ١٢ | ٢٤ | ٢ |
| | **کۆ** | ٥٠ | ١٠٠ | |

خشتەی (3) ڕەگەزی **سامپڵی توێژینەوەکە**دەردەخات کەتیایدا ڕەگەزی نێر ژمارەی دووبارەکانی بریتیە لە(٣٨)کەس و پلەی یەکەمن، ژمارەی مێ بەپلەی دووەم و ژمارەی دووبارە بووەکان(12)کەس و بەپلەی دووەم دێن، ئەم ئەنجامە کەمی ڕێژەی بەشداری ڕەگەزی مێینەمان بۆ دەردەخات کە نیوەکەمتری ڕەگەزی بەرامبەرە لەکۆی **سامپڵی توێژینەوەکە**دا.

**٣. بڕوانامەی سامپڵی توێژینەوەکە**

**خشتەی ژمارە(4) خستنە ڕووی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕوانگەی بڕوانامەوە**

| ز | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | **ئامادەیی** | ٠ | ٠ | ٤ |
| ٢ | **دبلۆم** | ٢ | ٤ | ٣ |
| ٣ | **بەکالۆریۆس** | ٣٣ | ٦٦ | ١ |
| ٤ | **ماستەر** | ١٣ | ٢٦ | ٢ |
| ٥ | **دکتۆرا** | ٢ | ٤ | ٣ |
| | **کۆ** | ٥٠ | ١٠٠ | |

خشتەی ژمارە(4) دەریدەخات کە **سامپڵی توێژینەوەکە** هەڵگری کامە بڕوانامەن و دەرکەوتووە بڕوانامەی بەکالۆریۆس زۆرترین دووبارەی هەیە وبریتین لە(33)کەس و ڕێژەی(٦٦%)ی **سامپڵی توێژینەوەکە** پێکدەهێنن و پلەی یەکەمن،لە پلەی دووەمدا

بروانامەی ماستەر دێت کە دووبارەیان(13) کەس و ڕێژەی(26%)ی **سامپڵی توێژینەوەکەن**،هەڵگرانی بروانامەی دبلۆم و دکتۆراهەمان دووبارەیان(2)کەس و ڕێژەی(4%) **سامپڵی توێژینەوەکەن**،بەڵام بروانامەی ئامادەیی ڕێژەی(0%)ن، ئەم ئەنجامەش ئەوەڕوون دەکاتەوە کە کەمتر لەبڕوانامەی بەکالۆریۆس لە نێو **سامپڵی توێژینەوەکە**بوونی نیە.

**٤. پلەی کاری سامپڵی توێژینەوەکە**

**خشتەی ژمارە(5) خستنە رووی سامپڵی توێژینەوەکە لە روانگەی پلەی کارەوە**

| ز | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەریوەبەری گشتی | ٨ | ١٦ | ١ |
| ٢ | بەریوەبەری ئیدارە | ٥ | ١٠ | ٣ |
| ٣ | بەریوەبەری دیجیتال میدیا | ٦ | ١٢ | ٢ |
| ٤ | بەریوەبەری تەلەفزیۆن | ٤ | ٨ | ٤ |
| ٥ | بەریوەبەری رادیۆ | ٤ | ٨ | ٤ |
| ٦ | بەریوەبەری بەرهەم هینان | ٦ | ١٢ | ٢ |
| ٧ | بەریوەبەری پەیوەندیەکان | ٨ | ١٦ | ١ |
| ٨ | بەریوەبەری هونەری | ٤ | ٤ | ٥ |
| ٩ | بەریوەبەری هەواڵ | ٥ | ١٠ | ٣ |
| | کۆ | ٥٠ | ١٠٠ | |

خشتەی ژمارە(5)تایبەتە بەدەرخستنی پلەی کاری **سامپڵی توێژینەوەکە** و تیایدا دەرکەوتووە کە بەپلەی یەکەم ئەو کەسانەن کە بەریوەبەری گشتی وبەریوەبەری پەیوەندیەکانن و پلەی یەکەمیان هەیە،لە پلەی دووەمیشدا بەریوەبەری ئیدارەو بەریوەبەری بەرهەم هینانن،پلەی کۆتاییش بۆ(بەریوەبەری هەواڵ)کە دووبارەیان(5)کەس و ڕێژەی(10%)ی کۆی **سامپڵی توێژینەوەکەن**،ئەم ئەنجامە ئەوەدەرئەخات کە ئەو کەسانەی بەرپرسن لە پەیوەندی دامەزراوە زۆرترینن و لەناوەندی بڕیارداندان لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی پەیوەندیەکان.

**٥. ئەزمونی کاری سامپڵی توێژینەوەکە**

**خشتەی ژمارە(6) خستنە رووی ئەزموونی کاری سامپڵی توێژینەوەکە**

| ز | گۆراو | دووبارە | رێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١-٢ساڵ | ٥ | ١٠ | ٤ |
| ٢ | ٣-٤ ساڵ | ٦ | ١٢ | ٣ |
| ٣ | ٥-٦ ساڵ | ٤ | ٨ | ٥ |
| ٤ | ٧-٨ ساڵ | ١٣ | ٢٦ | ٢ |
| ٥ | ٩-١٠ ساڵ | ١٧ | ٣٤ | ١ |
| 6 | زیاد لە ١٠ ساڵ | ٥ | ١٠ | ٤ |
| | کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ | |

خشتەی ژمارە(6) ئەزموونی کاری **سامپڵی توێژینەوەکە** دەردەخات لەم دامەزراوانەداو بەپلەی یەکەم ئەوکەسانەن کەئەزمونی کارکردنیان بریتیە لە(٩-١٠ ساڵ) ودووبارەیان(17) کەسەورێژەی(٣٤%)ی کۆی **سامپڵی توێژینەوەکە** پێکدەهێنن، لەپلەی دووەمدا ئەزموونی کارکردنی(٧-٨ ساڵ)ە،کە دووبارەیان(١٣)کەس و ڕێژەی(٢٦%)ی **سامپڵی توێژینەوەکەن**، لەپلەی کۆتاییدا کەسانی خاوەن ئەزمونی کارکردنی(٥-٦ ساڵ)ن،ئەم ئەنجامە دەریدەخات سامپڵی توێژینەوەکە خاوەنی ئەزموونی کارکردنی باشن لەدامەزراوەکانداو توانای هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکانیان بەباشی وەرگرتووە بەتایبەت لەبواری پەیوەندیکردن و چۆنێتی برەوپێدانیدا کە مەبەستی توێژینەوەکەیە.

**تەوەری دووەم: زانیاری تایبەت بە کاری ژنان لە بەشی پەیوەندیەگشتیەکان لە دامەزراوەکەدا**

**ا- ژمارەی کارمەندانی ژن و کارمەندانی پیاو لەبەشی پەیوەندیە گشتیەکان**

**خشتەی ژمارە(7) خستنە رووی رێژەی ژمارەی کارمەندانی ژن و کارمەندانی پیاو لەبەشی پەیوەندیە گشتیەکان**

| ز | گۆراو | دووبارە | رێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ١٥ | ٦٠ | ١ |
| ٢ | مێ | ١٠ | ٤٠ | ٢ |
| | کۆ | ٢٥ | ١٠٠ | |

**خشتەی ژمارە(7)**تایبەتە بەخستنەڕووی ژمارەی کارمەندانی ژن لەبەشی پەیوەندیەگشتیەکانداو دەرکەوتووە کە لەکۆی گشتی (25) کەس کەکاری پەیوەندیەگشتیەکان بەڕێوەدەبەن(15)یان لەڕەگەزی نێرن و ڕێژەی(60%)و پلەی یەکەمن،بەڵام ڕەگەزی مێ بەپلەی دووەم دێن و دووبارەیان(10)کەسە وڕێژەی(40%)ی کارمەندان پێکدەهێنن،ئەم ئەنجامە دەریئەخات کە ڕێژەی بەشداری ڕەگەزی مێ لەبەڕێوەبردنی پەیوەندیەکاندا هێشتا لەڕێژەی بەشداری ڕەگەزی نێر کەمترەوسودی تەواو لە تواناکانیان وەرنەگیراوە.

ب- تەمەنی کارمەندانی ژن لە پەیوەندیەگشتییەکاندا

**خشتەی ژمارە(8) خستنە رووی تەمەنی** کارمەندانی ژن لەبەشی پەیوەندیە گشتیەکان

| ز | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٨ـ٢٢ ساڵ | ٠ | ٠ | |
| ٢ | ٢٣ـ٢٧ ساڵ | ٦ | ٦٠ | ١ |
| ٣ | ٢٨ـ٣٢ ساڵ | ٤ | ٤٠ | ٢ |
| | کۆ | ١٠ | ١٠٠ | |

خشتەی ژمارە(8) تەمەنی کارمەندانی ژن ڕووندەکاتەوە کە لەبەشی پەیوەندیەگشتیەکاندا کاردەکەن و تیایدا تەمەنی(٢٣-٢٧ ساڵ)دووبارەیان بریتیە لە(6)کارمەند و بەپلەی یەکەم دێن،هەروەها تەمەنی(٢٨-٣٢ ساڵ)دووبارەیان بریتیە لە(4)کارمەند و ڕێژەی(40%) پێکدەهێنن وپلەی دووەمن،بەڵام هیچ یەکێك لەتەمەنەکانی (١٨-٢٢ ساڵ) و(٣٣-٣٧ ساڵ)و(٣٨-٤٢ ساڵ)و(٤٣-٤٧ ساڵ)و هەروەها تەمەنی(47-٥٢ ساڵ)دووبارەیان نیە وڕێژەی(0%)ی کارمەندانن،ئەم ئەنجامە دەریدەخات کارمەندانی ژن لەتەمەنێکی گەنجیدان .

ج- ئاستی خویندنی کارمەندانی ژن لە بەشی پەیوەندیە گشتیەکاندا

**خشتەی ژمارە(9) خستنە رووی بڕوانامەی کارمەندانی ژن لە بەشی پەیوەندیەگشتیەکان**

| ز | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئامادەیی | ٠ | ٠ | |
| ٢ | دبلۆم | ٣ | ٣٠ | 2 |
| ٣ | بەکالۆریۆس | ٥ | ٥٠ | 1 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | ماستەر | ٢ | ٢٠ | 3 |
| ٥ | دکتۆرا | ٠ | ٠ | |
| | کۆ | ١٠ | ١٠٠ | |

خشـــتەی ژمارە(9) بروانامەی کارمەندانی ژن دەردەخات کە لەبەشـــی پەیوەندیەگشـــتیەکان،تیایدا دەرکەوتووە کە بروانامەی( (بەکالۆریۆس)ڕێژەی(50%)ی کارمەندانن وبەپلەی یەکەم دێن،بروانامەی(دبلۆم) لە پلەی دووەمدایەو دووبارەیان(3)کەس و ڕێژەی(30%)ی کارمەندانن،بروانامەی(ماســـتەر)دووبارەیان(2)کەس وڕێژەی(20%)ی کارمەندانن پلەی ســـێیەمیان هەیە، بروانامەی(ئامادەیی)و(دکتۆرا) هیچ دووبارەیەکیان نیە وڕێژەی(0%)ی کارمەندانە،ئەم ئەنجامە ڕوونی دەکاتەوە کەبروانامەی کارمەندان لەئاستی باڵادایە وزانستیانەکارەکانیان ئەنجامدەدەن.

د- پسپۆڕی کارمەندی ژن لە پەیوەندیە گشتیەکان

**خشتەی ژمارە(10) خستنە رووی پسپۆڕی کارمەندی ژن لە پەیوەندیە گشتیەکان**

| ز | گۆراو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | راگەیاندن | ٢ | ٢٠ | 2 |
| ٢ | پەیوەندیگشتی | ٤ | ٤٠ | 1 |
| ٣ | کۆمەلناسی | ٢ | ٢٠ | 2 |
| ٤ | هیتر | ٢ | ٢٠ | 2 |
| | کۆ | ١٠ | 100 | |

خشـــتەی ژمارە(10) پســـپۆری کارمەندانی ژن ڕوون دەکاتەوەو دەریخســـتووە کە پســـپۆری (پەیوەندیگشـــتی)لەپلەی یەکەمدان و دووبارەیان(4)کەس و ڕێژەیان(40%)ی کارمەندانن،هەریەك لەپســـپۆری(راگەیاندن)و(کۆمەلناســـی)وئەوکارمەندانەش کەلەبواری دیکەدا پسپۆریان هەیەوکاری پەیوەندیگشتی دەکەن پلەی دووەمن،ئەم ئەنجامە ڕوونی دەکاتەوەکەکارکردنی پسپۆری پەیوەندیەگشتی لەبەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی دامەزراوەکاندا بایەخی پێدراوە .

ح- پلەی وەزیفی کارمەندی ژن لە بەشی پەیوەندیە گشتیەکان

**خشتەی ژمارە(11) خستنە رووی** پلەی وەزیفی کارمەندی ژن لە بەشی پەیوەندیە گشتیەکان

| ز | گۆراو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەریوەبەر | ٢ | ٢٠ | ٢ |
| ٢ | کارمەند | ٨ | ٨٠ | ١ |
| | کۆ | ١٠ | ١٠٠ | |

**خشـــتەی ژمارە(11) خســـتنە** ڕووی پلەی وەزیفی کارمەندانی ژن ڕووندەکاتەوە کەتیایدا دەرکەوتووە لەکۆی گشـــتی(10)کارمەند (8)کەسیان وەکو کارمەندی بەشـی پەیوەندیگشـتی کاردەکەن و ڕێژەی(80%) وپلەی یەکەمن،وە دووبارەی کارمەندان کە لە پلەی وەزیفی(**بەڕیوەبەر**)دان (2)کەسەو ڕێژەی(20%) و بەپلەی دووەمن،ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە ڕێژەی نزیکی لەناوەندی بڕیاردان پلەی دووەمە وزیاتر کارمەندی ئاساییین.

خ- ئایا خولی تایبەت بە بەهێزکردنی تواناکانی کارمەندان دەکرێتەوە لەدامەزراوەکادا

**خشتەی ژمارە(12) خستنە** ڕووی رادەی بەشداری لە خولی بەهێزکردنی تواناکان

| ز | گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەلی | ٣ | ٣٠ | 2 |
| ٢ | نەخیر | ٧ | ٧٠ | 1 |
| | کۆ | ١٠ | ١٠٠ | |

خشـتەی ژمارە(12)تایبەت بە خسـتنەڕووی وەڵامی کارمەندان سـەبارەت بەکردنەوەی خول بۆبەهێزکردنی تواناکانی کارمەندان و تیـایدا دەرکـەوتووە کـە ڕێژەی(70%)ی کـارمـەندان کـە دووبـارەیـان بریتیـەلـە(7)کـەس بـە(نەخیر)وەڵامیـان داوەتـەوەو لـەپلـەی یـەکەمدان،وە ئـەوکارمـەندانـەی بـە(بـەڵێ)وەڵامیان داوەتـەوە دووبـارەیان(3)کـەس وڕێژەیان(30%)کارمـەندانـە، ئـەم ئـەنجامـە کـەمی بایەخدان بەکردنەوەی خول وکۆرسەکانی بەهێزکردنی توانای کارمەندان دەردەخات لەم دامەزراوانەدا.

**تەوەری سێیەم : پرسیارەکانی تایبەت بە کارامەیی خوێندنەوە لای ژنانی کارمەند لە بەشی پەیوەندیە گشتیەکان**

**خشتەی ژمارە(13) تایبەت بەخستنەڕووی وەڵامی بەرتوێژان لەبارەی کارامەیی خوێندنەوە لای کارمەندانی ژن**

| ژ | پرسیار | | هەمیشە | زۆرجار | هەندێکجار | بەدەگمەن | هەرگیز | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ا | کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشـــتیەکاندا کارامەیی زیـاتریـان هەیە بۆ خوێنـدنـەوەو تیگەیشـــتن لە پەیـامی دامەزراوەکە | **دوبارە** | ٨ | ٨ | ٢٤ | ١٠ | ٠ | ٥٠ |
| | | **%** | ١٦ | ١٦ | ٤٨ | ٢٠ | ٠ | ١٠٠ |
| ب | | **دوبارە** | ١٦ | ٦ | ٢٤ | ٢ | ٢ | ٥٠ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کارمەندانی ژنان لە توانای سەرنجدان و کارامەیی لە خوێندنەوەدا کاریگەرترن لەسەر چۆنێتی وەڵامدانەوەو ڕەفتارکردن | % | ٣٢ | ١٢ | ٤٨ | ٤ | ٤ | ١٠٠ |
| ج | کارمەندانی ژنان لە پەیوەندیەگشتیەکاندا کاراتروخێراترن لەخوێندنەوەدا | دووبارە | ١٠ | ١٨ | ١٢ | ٥ | ٥ | ٥٠ |
| | | % | ٢٠ | ٣٦ | ٢٤ | ١٠ | ١٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(13) وەڵامی بەرتوێژان ڕوون دەکاتەوەسەبارەت بە تواناوکارامەییەکانی خوێندنەوە لای کارمەندەژنەکان و لەوەڵامی پرسیاری (کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەیی زیاتریان هەیە بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن لە پەیامی دامەزراوەکە)لەکۆی گشتی(50)کەس(24)یان وەڵامیان(هەندێکجار) بووەکەڕێژەی(48%)ی کۆی سامپڵی توێژینەوەکەن، وەڵامی(بەدەگمەن)دووبارەی(10)کەسەو پلەی دووەمە،ئەوانەی پێیان وایە(هەمیشە)و(زۆرجار) ژنان کارامەترن لەخوێندنەوەدا هەمان دووبارەیان هەیە کە(8)کەسە،بەڵام هیچکام لەبەرتوێژان وەڵامی(هەرگیز)یان هەڵنەبژاردووە بۆیە ڕێژەیان (0%)ی بەرتوێژانە،ئەمەش ئەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە ژنان هەندێکجار کارامەترن لەخوێندنەوەوتێگەیشتن بۆ پەیامی دامەزراوەکە.

لەوەڵامی پرسیاری (کارمەندانی ژنان لە توانای سەرنجدان و کارامەیی لە خوێندنەوەدا کاریگەرترن لەسەر چۆنێتی وەڵامدانەوەو ڕەفتارکردن) زۆرترین دووبارە بۆ وەڵامی(هەندێکجار)بووە کە دووبارەیان(24)وڕێژەی(48%)ی کۆی سامپڵی توێژینەوەکەن،وەڵامی(هەمیشە)بڕێژەی(32%)ی کۆی گشتیە،لەکۆتاییدا وەڵامەکانی(بەدەگمەن)و(هەرگیز)هەمان ژمارەی دووبارەیان هەیە کە(2)کەسن،ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کەژنان باشترن لەسەرنجدان وکاریگەرترن لە ڕەفتارکردندا.

لەوەڵامی پرسیاری (کارمەندانی ژنان لە پەیوەندیەگشتیەکاندا کاراتروخێراترن لەخوێندنەوەدا)زۆرترین وەڵامی(زۆرجار)یان هەڵبژاردووەو دووبارەیان(18)کەسە،وەڵامی(هەندێکجار)بریتیە لەڕێژەی(24%،وەڵامی(هەمیشە)هەڵبژاردەی (10)دووبارەیە لە(20%)ە،بەڵام(بەدەگمەن )و(هەرگیز) هەمان دووبارەیان هەیەوبریتین لە(5)کەس،بەهەمان شێوەی پرسیارەکانی پێشو ئەم خشتەیەش ئەوئەنجامە ڕووندەکاتەوە کە ژنان خاوەنی کارامەیین لە خێرایی خوێندنەوەدا.

**تەوەری چوارەم: پرسیارەکانی تایبەت بە کارامەیی نووسین لای ژنانی کارمەند لە بەشی پەیوەندیە گشتیەکان**

**خشتەی ژمارە(14) خستنەڕووی** وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە**لەبارەی کارامەیی نووسین لای کارمەندانی ژن**

| ژ | پرسیار | | هەمیشە | زۆرجار | هەندێکجار | بەدەگمەن | هەرگیز | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا زیاتر پابەندی بنەماورێساکانی نووسینن بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکەدا | دووبارە | ٢٠ | ٨ | ١٢ | ٧ | ٣ | ٥٠ |
| | | % | ٤٠ | ١٦ | ٢٤ | ١٤ | ٦ | ١٠٠ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەیی زیاتریان هەیە لە پەیبردن بە ناوەڕۆکی نووسینەکان وتێگەیشتن لەواتاکانی ئەودیوی دێڕەکان | دوبارە | ٢٤ | ٦ | ١٢ | ٤ | ٤ | ٥٠ |
| | | % | ٤٨ | ١٢ | ٢٤ | ٨ | ٨ | ١٠٠ |
| ٣ | کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەییان زیاترە لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەرامبەر لەڕێی نووسین و بەکارهێنانی دەستەواژەو چەمکەکانەوە | دوبارە | ١٨ | ١٠ | ١٠ | ٧ | ٥ | ٥٠ |
| | | % | ٣٦ | ٢٠ | ٢٠ | ١٤ | ١٠ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی ژمارە(14)کەتایبەتە بەوەڵامی پرسیارەکان سەبارەت بەکارامەیی نووسین لای کارمەندانی ژن لەکاری پەیوەندیگشتی،لە وەڵامی پرسیاری(کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا زیاتر پابەندی بنەماوڕێساکانی نووسینن بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکەدا) وەڵامی(هەمیشە)بریتیە لەبژاردەی(20)کەس وڕێژەی(40%)ی سامپڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنن،(هەندێکجار)بە دووبارەی(12)کەس وڕێژەی(24%)ە،لەکۆتاییشدا هەڵبژاردەی(هەرگیز)کەمترین دووبارەیان هەیە کەتەنها(3)کەسن،ئەم ئەنجامە ڕوونیدەکاتەوە کەژنان زیاتر لەپیاوان پابەندن بەبنەماوڕیساکانی نووسینن بۆپەیوەندیەگشتیەکان.

لەوەڵامی پرسیاری(کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەیی زیاتریان هەیە لە پەیبردن بە ناوەڕۆکی نووسینەکان وتێگەیشتن لەواتاکانی ئەودیوی دێڕەکان)لەکۆی گشتی سامپڵی توێژینەوەکە (24)دووبارەی هەڵبژاردەی وەڵامی(هەمیشە)هەیە کەڕێژەی(48%)و زۆرترینن، (12)کەس(هەندێکجار)یان هەڵبژاردووە،کەمترین ڕێژە لەوەڵامەکانداو(بەدەگمەن و هەرگیزە)،ئەم ئەنجامە ئەوە دەرئەخات کەژنان کارامەو بەتوانان لەپەیبردن بەناوەڕۆکی نووسینەکان و باشتر لەواتاکانی ئەودیوی دێڕەکان تێدەگەن.

لە وەڵامی پرسیاری(کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەییان زیاترە لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەرامبەر لەڕێی نووسین و بەکارهێنانی دەستەواژەو چەمکەکانەوە)وەڵامی(هەمیشە)زۆرترین دووبارەی هەیە کەبریتیەلە(18)کەس وبەرزترین ڕێژەن کە(36%)ی سامپڵی توێژینەوەکەن،وەڵامەکانی (زۆرجار)و(هەندێکجار)کە دووبارەیان(10)کەسە، کەمترین ڕێژە وەڵامی(هەرگیز)یان هەڵبژاردووە،ئەم ئەنجامەش ئەوە دەرئەخات کەژنان کارامەن لەدروستکردنی کاریگەری لەڕێگەی نووسین وبەکارهێنانی دەستەواژەکانەوە.

**تەوەری پێنجەم : پرسیارەکانی تایبەت بە کارامەیی گوێگرتن لای ژنانی کارمەند لە بەشی پەیوەندیە گشتیەکان**

**خشتەی ژمارە(15) تایبەت بە ڕوونکردنەوەی وەڵامی بەرتوێژان لەبارەی کارامەیی گوێگرتن لای ژنان**

| ژ | پرسیار | | هەمیشە | زۆرجار | هەندێکجار | بەدەگمەن | هەرگیز | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەیی زیاتریان هەیە لە پرۆسەی گوێگرتن و وەرگرتنی پەیامەکان | دوبارە | ٢٢ | ٨ | ١٠ | ٥ | ٥ | ٥٠ |
| | | % | ٤٤ | ١٦ | ٢٠ | ١٠ | ١٠ | ١٠٠ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | کارمەندانی ژنان کارامە ن وخێران لە تێگەیشتنی پەیامە ووتراوەکان وتوانای وەڵامدانەوەیان باشترە | دوبارە | ١٥ | ١٥ | ١٠ | ٥ | ٥ | ٥٠ |
| | | % | ٣٠ | ٣٠ | ٢٠ | ١٠ | ١٠ | ١٠٠ |
| ٣ | کارمەندانی ژنان ئامادەیی زیهنیان بۆ گوێگرتن لەکەسی بەرامبەر وگوێگرتن لە داواکاری و بۆچوونەکان باشترە | دوبارە | ٢٣ | ١٠ | ٨ | ٥ | ٤ | ٥٠ |
| | | % | ٤٦ | ٢٠ | ١٦ | ١٠ | ٨ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی ژمارە(15)کەتایبەتە بەوەڵامی پرسیارەکانی تایبەت بەکارامەیی گوێگرتن لای ژنان و لەوەڵامی پرسیاری یەکەم(کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەیی زیاتریان هەیە لە پرۆسەی گوێگرتن و وەرگرتنی پەیامەکان)وەڵامی(هەمیشە)زۆرترین دووبارەی هەیە کە بریتیەلە(22)کەس ورێژەی(44%)کەبەرزترین ڕێژەیە، (هەندێکجار)دووبارەی(10)کەسە،وەڵامی(بەدەگمەن)و(هەرگیز)دووبارەی(5)کەس وکەمترینە،ئەم ئەنجامەش ئەوە دەرئەخات کەژنان کارامەترن لەگوێگرتن وتێگەیشتنی پەیامەکاندا.

پرسیاری(کارمەندانی ژنان کارامە ن وخێران لە تێگەیشتنی پەیامە ووتراوەکان وتوانای وەڵامدانەوەیان باشترە) وەڵامی(هەمیشە)و(زۆرجار)زۆرترین دووبارەن کەهەریەکیان(15)کەسن و زۆرترینن،(هەندێکجار)دووبارەی(10)کەس ورێژەی(20%)ە، هەردوو بژاردەی(بەدەگمەن)و(هەرگیز)بەهەمان ڕیژەن ودووبارەیان(5)کەسە،ئەم ئەنجامەش ئەوە دەرئەخات کەژنان خێران لە تێگەیشتنی پەیامەوتراوەکان و وەڵامدانەوەیاندا.

لەوەڵامی پرسیاری(کارمەندانی ژنان و ئامادەیی زیهنیان بۆ گوێگرتن لەکەسی بەرامبەر وگوێگرتن لە داواکاری و بۆچوونەکان **باشترە)زۆرترین دووبارە بۆ وەڵامی(هەمیشە)یەکە دووبارەی(23)کەس زۆرترین ڕێژەیە،دووەم ڕێژەش بۆوەڵامی(زۆرجارە)کەهەڵبژاردەی(10)دووبارەیە،بەڵام کەمترین دووبارە وەڵامی(هەرگیزە)،ئەم ئەنجامەش ئەوەدەرئەخات کەژنان ئامادەیی زیهنیان زیاترە بۆگوێگرتن وبەدەنگەوەچوونی داواکاری بۆچوونەکانی کەسی بەرامبەر.**

**تەوەری شەشەم : پرسیارەکانی تایبەت بە کارامەیی قسەکردن لای ژنانی کارمەند لە بەشی پەیوەندیە گشتیەکان**

**خشتەی ژمارە (16) تایبەت بە وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ هەڵسەنگاندنی کارامەیی قسەکردنی ژنان**

| ژ | پرسیار | | هەمیشە | زۆرجار | هەندێکجار | بەدەگمەن | هەرگیز | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەیی زیاتریان هەیە لە پرۆسەی قسەکردن و گەیاندنی پەیامەکان بە ڕوونی | دوبارە | ٢١ | ٧ | ٨ | ١٠ | ٤ | ٥٠ |
| | | % | ٤٢ | ١٤ | ١٦ | ٢٠ | ٨ | ١٠٠ |
| ٢ | | دوبارە | ٨ | ١٢ | ١٠ | ١٥ | ٥ | ٥٠ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەیی زیاتریان هەیە لە ئەنجامدانی ڕیکلام و برەوپێدان بۆ کەناڵەکە | % | ١٦ | ٢٤ | ٢٠ | ٣٠ | ١٠ | ١٠٠ |
| ٣ | کارمەندانی ژنان کارامەو لێهاتوون لە بەڕێوەبردنی گفتوگۆو چاوپێکەوتنەکان و پەیوەندی لەگەڵ مامەڵەکاران و میوانانی دامەزراوەکە | دوبارە | ٨ | ١٧ | ١٥ | ٥ | ٥ | ٥٠ |
| | | % | ١٦ | ٣٤ | ٣٠ | ١٠ | ١٠ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی ژمارە(16) لەپرسیاری(کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەیی زیاتریان هەیە لە پرۆسەی قسەکردن و گەیاندنی پەیامەکان بە ڕوونی)،بژاردەی(هەمیشە)زۆرترین دووبارەی هەیەکە(21)کەسە و ڕێژەی(42%)پێکدەهێنن،وەڵامی(بەدەگمەن)(10)دووبارەی هەیە،کەمترین دووبارەش بۆ وەڵامی(هەرگیز)ە، کەتەنها(4)دووبارەیەوڕێژەی(4%)ە، ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکەپێیانوایە کە ژنان کارامەترن لەپرۆسەی قسەکردن وڕوونترن لەپەیامەکانیاندا.

وەڵامی پرسیاری(کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەیی زیاتریان هەیە لە ئەنجامدانی ڕیکلام و برەوپێدان بۆ کەناڵەکە)،وەڵامی(بەدەگمەن)زۆرترین دووبارەی هەیە کە(15)کەسەوڕێژەی(30%)ی بەشداربووانن،وەڵامی(زۆرجار)دووبارەیان(12)کەسە،(هەندێکجار)ڕێژەی(20%)ە،وەڵامی(هەرگیز) کەمترین دووبارەوکەمترین ڕێژەیە،ئەم ئەنجامە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەهەرچەندە زۆرترینی بەرتوێژان وەڵامی(بەدەگمەن)یان هەڵبژاردووە بەڵام بەکۆی گشتی ئەودووبارانەی وەڵامەکانی زۆرجاروهەمیشە و هەندێکجا دەرئەکەوێت زۆرینە لەگەڵ ئەوەدان کە ژنان کارامەترن بۆ ئەنجامدانی ڕیکلام وبرەوپێدان.

بۆ پرسیاری(کارمەندانی ژنان کارامەو لێهاتوون لە بەڕێوەبردنی گفتوگۆو چاوپێکەوتنەکان و پەیوەندی لەگەڵ مامەڵەکاران و میوانانی دامەزراوەکە )زۆرترین بژاردە بۆ(زۆرجار)بووە کە دووبارەیان(17)کەس وڕێژەیان(34%)ە،دوای ئەویش وەڵامی(هەندێکجار)ە کە دووبارەیان(15)کەسە،کەمترین ڕێژەبۆ وەڵامی(بەدەگمەن)و(هەرگیز)ەوتەنها(10%)ی کۆی سامپڵی توێژینەوەکەیە،ئەم نەجامە دەریدەخات کەژنان کارامەترن لە بەڕێوەبردنی گفتوگۆوچاوپێکەوتنەکاندا.

**تەوەری حەوتەم : پرسیارەکانی تایبەت بە کارامەیی بیرکردنەوە لای ژنانی کارمەند لە بەشی پەیوەندیە گشتیەکان**

**خشتەی ژمارە(17)تایبەت بەوەڵامی بەرتوێژان بۆپرسیاریکارامەیی بیرکردنەوە لای ژنان**

| ژ | پرسیار | | هەمیشە | زۆرجار | هەندێکجار | بەدەگمەن | هەرگیز | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەیی زیاتریان هەیە لە پرۆسەی بیرکردنەوە و پێدانی پێشنیاری بیرۆکەی نوێ | دوبارە | ٦ | ٨ | ١٤ | ١٤ | ٨ | ٥٠ |
| | | % | ١٢ | ١٦ | ٢٨ | ٢٨ | ١٦ | ١٠٠ |
| ٢ | | دوبارە | ٨ | ٩ | ١١ | ١٢ | ١٠ | ٥٠ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کارمەندانی ژنان لە پەیوەندیەگشتیەکاندا توانای وەڵامدانەوەی گونجاویان هەیە بۆ پەیامەکان لەکاتی گونجاودا بەراورد بە پیاوان | % | ١٦ | ١٨ | ٢٢ | ٢٤ | ٢٠ | ١٠٠ |
| ٣ | کارمەندانی ژنان لە پەیوەندیەگشتیەکاندا باشتر دەتوانن پەی ببەن بە لایەنە جیاوازەکانی بیرۆکەی ئاراستەکراو بەهۆی توانای لێکدانەوەی هزریان بۆ چەند بابەتێك لەیەك کاتدا | دوبارە | ٥ | ٥ | ١٥ | ١٧ | ٨ | ٥٠ |
| | | % | ١٠ | ١٠ | ٣٠ | ٣٤ | ١٦ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(17)دا وەڵامی پرسیاری(کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەیی زیاتریان هەیە لە پرۆسەی بیرکردنەوە و پێدانی پێشنیاری بیرۆکەی نوێ)هەردوو بژاردەی(هەندێکجار)و(بەدەگمەن)هەمان دووبارەیان هەیە کەبریتیە لە(14)و ڕێژەی(28%)ن،هەروەها هەردوو بژاردەی(زۆرجار)و(هەرگیز)هەمان دووبارەیان هەیە کە هەریەکیان (8)و ڕێژەیان(16%)،دواتر بژاردەی(هەمیشە)کە دووبارەی(6)وڕێژەی(12%)یە،ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە هەرچەندە ژمارەی بەرتوێژان کەپێیان وایە ژنان کەمتر کارامەن ژمارەیەکی زۆرە،بەڵام ئەوانەی پێیان وایە ژنان کارامەترن زۆرترە.

بۆ وەڵامی پرسیاری(کارمەندانی ژنان لە پەیوەندیەگشتیەکاندا توانای وەڵامدانەوەی گونجاویان هەیە بۆ پەیامەکان لەکاتی گونجاودا بەراورد بە پیاوان)زۆرترین بژاردە بۆوەڵامی(بەدەگمەن)بووە کەدووبارەیان(12)کەسە،دوای ئەو بژاردەی(هەندێکجار)دێت کە دووبارەی(11)کەسە،کەمترین ڕێژەش وەڵامی(هەمیشە)یە کە(16%)ی کۆی گشتی سامپڵی توێژینەوەکەیە،ئەم ئەنجامە دەریدەخات کەژنان هەندێکجار کارامەترن لەوەڵامدانەوەی گونجاولەکاتی گونجاودا.

**تەوەری هەشتەم: پرسیارەکانی تایبەت بە کارامەیی لە پەیوەندیکردنی نازارەکی (زمانی جەستە) لای ژنانی کارمەند لە بەشی پەیوەندیە گشتیەکان**

**خشتەی ژمارە(18)تایبەت بەوەڵامی پرسیارەکانی تایبەت بەکارامەیی پەیوەندیکردنی نازارەکی لای ژنان**

| ژ | پرسیار | | هەمیشە | زۆرجار | هەندێکجار | بەدەگمەن | هەرگیز | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەیی زیاتریان هەیە لە پەیوەندیکردنی نازارەکی وئاماژەکانی زمانی جەستە | دوبارە | ٢٤ | ١٠ | ٥ | ٥ | ٦ | ٥٠ |
| | | % | ٤٨ | ٢٠ | ١٠ | ١٠ | ١٢ | ١٠٠ |
| ٢ | کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا توانای پەیبردنیان زیاترە بە جووڵەوئاماژەکانی جەستە وبەکارهێنانیان وەکو تەواوکاری گفتوگۆ بەراورد بە پیاوان | دوبارە | ١٩ | ١١ | ٥ | ١٠ | ٥ | ٥٠ |
| | | % | ٣٨ | ٢٢ | ١٠ | ٢٠ | ١٠ | ١٠٠ |
| ٣ | کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا خاوەنی سەلیقەولێهاتوویی زیاترن بەراورد بە پیاوان لە بەکارهێنانی ڕەنگەکان بۆ پۆشینی جلوبەرگ وستایلەکانیان وڕێکخستنی شوێنی کارکردن | دوبارە | ٣٢ | ٨ | ٣ | ٤ | ٣ | ٥٠ |
| | | % | ٦٤ | ١٦ | ٦ | ٨ | ٦ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە(18)بۆ وەڵامی پرسیاری(کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا کارامەیی زیاتریان هەیە لە پەیوەندیکردنی نازارەکی وئاماژەکانی زمانی جەستە) زۆرترینی سامپڵی توێژینەوەکە وەڵامی(هەمیشە)یان هەڵبژاردووە کە دەکاتە(24)دووبارەو ڕێژەی(48%)کۆی گشتی،وەڵامی(زۆرجار)دووبارەیان(10)کەسە،لەکۆتاییشدا هەردوو بژاردەی(هەندێکجار)و(بەدەگمەن)هەمان دووبارەی(5)وکەمترین ڕێژەیان هەیە،ئەم ئەنجامە ڕوونیدەکاتەوە کە ژنان کارامەترن لەبەکارهێنانی زمانی جەستەدا. بۆ وەڵامی پرسیاری(کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا تواناى پەیبردنیان زیاترە بە جووڵەوئاماژەکانی جەستە وبەکارهێنانیان وەکو تەواوکاری گفتوگۆ بەراورد بە پیاوان)زۆرترین دووبارە کەژمارەیان(19)کەسە هەڵبژاردەیان(هەمیشە)بووە کەدەکاتە ڕێژەی(38%)،دوای ئەویش وەڵامی(زۆرجار)دووبارەی(11)وڕێژەی(22%)ە،کەمترین ڕێژەبۆ(هەندێکجار)و(هەرگیز)ە هەریەکێکیان(10%)ی کۆی سامپڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنن،ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە ژنان باشتر دەتوانن تێبگەن لەئاماژەکانی زمانی جەستەو بەکاریبهێنێن وەك تەواوکارێکی گفتوگۆکردن. پرسیاری(کارمەندانی ژنان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا خاوەنی سەلیقەولێهاتوویی زیاترن بەراورد بە پیاوان لە بەکارهێنانی ڕەنگەکان بۆ پۆشینی جلوبەرگ وستایلەکانیان وڕێکخستنی شوێنی کارکردن)زۆرترین هەڵبژاردن بۆ وەڵامی(هەمیشە)ووە کە دووبارەیان(32)کەس وڕێژەی(64%)ی کۆی گشتی پێکدەهێنن،(8)دووبارەی وەڵامی(زۆرجار)ە،کەمترین ڕێژەش هەردوو وەڵامی(هەندێکجار)و(هەرگیز)ە،کە(6%) یان هەیە بۆ هەریەکێکیان،ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کەژنان سەلیقەیان زیاترە لەپیاوان لە بەکارهێنانی ڕەنگ وستایلی گونجاو،هەروەها لەڕێکخستنی شوێنی کارکردندا.

## دەرئەنجام:

**1- ژمارەی بەشداریکردنی ژنان لەبەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی دامەزراوە میدیاییەکاندا کەمترن بەراورد بە ژمارەی پیاوان.**

**2- ژنانی کارمەندی پەیوەندیگشتی بەراورد بەپیاوان کارامەترن لەپەیوەندیکردن و کاریگەرترن لە باوەڕپێهێناندا.**

**3- دامەزراوە میدیاییەکان کەمترخەمن لەکردنەوەی خولەکانی تایبەت بەبەهێزکردن وبرەوپێدانی تواناکانی پەیوەندیکردن بکارمەندەکانیان**

**4-ژنان ڕۆڵیان هەیە لەگەشەپێدانی دامەزراوە میدیاییەکاندا بەهۆی کارامەیی لەپەیوەندیکردن و پابەندبوونیان بەبنەما زانستیەکانی هونەرەکانی پەیوەندیکردن.**

## پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

**لەکۆتایی توێژینەوەکەداولەژێرتیشکی دەرئەنجامەکانیدا،توێژەران چەندپێشنیازێکیان هەیە بۆکەناڵەکانی ڕاگەیاندن ودامەزراوەمیدیاییەکان بەمجۆرە:**

**1- بەشداریکردنی زیاتری ژنان لەدامەزراوەمیدیاییەکاندا لەبواری بەڕێوەبردنی پەیوەندیەگشتیەکاندا.**

**2- بەشداریپێکردنی زیاتری ژنان لەبەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی دامەزراوەکانیاندا چونکە ژنان کارامەولێهاتوون لەبەڕێوەبردنی پەیوەندیدا.**

3- **دامەزراوەمیدیاییەکان هەوڵبدەن توێژینەوەی زیاترئەنجامبدەن بۆدەرخستنی ڕۆڵی ژن لەپەیوەندیکردندا،هەروەها هەوڵبدرێت سوودلەدەرئەنجامی توێژینەوەکان وەربگیرێت لەبرەودان بەدامەزراوەکانیان.**

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

**لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامی توێژینەوەکەوگرنگی وبایەخی توێژینەوەی زانستی لەبواری دامەزراوەیی بەگشتی وکەناڵە میدیاییەکاندا،توێژەران چەندراسپاردەیەکیان بۆلایەنەئەکادیمیەکان هەیە:**

1- **ئەم توێژینەوەیەلەسەرئاستی ڕۆڵی ژنان لەگەشەپێدانی پەیوەندیەکانی دامەزراوەمیدیاییەکاندا،ئەودەرئەنجامەی دەرخست کەژنان کارامەولێهاتوون لەبەڕێوەبردنی پەیوەندیەکان وبرەوپێدانیان،هەربۆیەدەتوانرێت لەزۆربواروولایەنی دیکەوەتوێژینەوەلەبارەی ژنان وڕۆڵیان لەبەرەوپێشبردنی دامەزراوەکان ئەنجامبدرێت بۆدەرخستنی ڕۆڵی بایەخداری ژنان.**

2- **توێژەران پێیان باشە لەڕووی بەڕێوەبردنەوە(بەتایبەتی بەڕێوەبردنی پەیوەندیەکان)توێژینەوەی دیکەئەنجامبدرێت بۆدەرخستنی کارامەیی ژنان لەبەڕێوەبردنی دامەزراوەکان بەگشتی ودامەزراوەمیدیاییەکان بەتایبەتی،هەروەها سوودگەیاندن بەخوێندکارانی هەردوو بواری میدیایی وپەیوەندیەکان بەتوێژینەوەزانستیەکان.**

## سەرچاوەکان:


1-الشمرى:على جبار(2009)،العلاقات العامة رؤية سرنديبية،دارالنهرين للتوزيع والاعلان والنشر،بغداد-العراق.

2 -__________(2011)،الاساليب العلمية في ممارسة العلاقات العامة,دار العربى للنشروالتوزيع.

3-جودة:محفوظ واخرون(2008)،منظمات الاعمال المفاهيم والوظائف,ط2،دار وائل للنشر والتوزيع،عمان-الاردن.

4-مجاهد:جمال(2010)،العلاقات العامة رؤية نظرية،دار المعرفة الجامعية،اسكندرية-مصر.

5-الجمال وعياد:راسم محمد وخيرت معوض(2005)،ادارةالعلاقات العامة المدخل الاستراتيجى،دارالمصرية اللبناتية،قاهرة-مصر.

6-العدوي:فهمي محمد(2011)،مفاهيم جديدة في العلاقا العامة,دار اسامة للنشروالتوزيع,عمان-الاردن.

7-الديسي:ربى محمود(2019)،مدخل الى صعوبات القراءة،مطبعة المنهال-الاردن.

8-اسماعيل:بليغ حمدي(2021)نالمرجع في تدريس اللغةالعربية،وكالة الصحافة العربية.

9-عساف وصالح:عبدالمعطي محمد ومحمد فالح(2004)،اسس العلاقات العامة،دار الحامدللنشر والتوزيع،عمان-الاردن.

10-جودة:محفوظ احمد(1996)،العلاقات العامة مفاهيم وممارسات،مؤسسة الزهران للنشر والتوزيع،عمان-الاردن.

11-عابد وابوالسعيد:زهيرعبداللطيف واحمد العابد(2013)،ادارة العلاقات العامةوبرامجها،دار اليازوري للنشروالتوزيع،عمان-الاردن.

12-الحسيني ومحمد:فائزةاحمد وعبدالناصر شريف(2019)،مهارات الطالب الجامعي المتفوق،دار التعليم الجامعي،قاهرة-مصر.

13-القميزي:حمد بن عبدالله(2017)،تقنيات التعليمات و مهارات الاتصال،ط2,دار الروابط للنشروالتوزيع،مصر.

14-سليمان:سناء محمد(2014)،سيكولوجية الاتصال الانساني ومهاراته،دار المنهال للنشروالتوزيع،عمان-الاردن.

15-دعمس:مصطفى نمر(2014)،مهارات التفكير،دار الغيداء للنشروالتوزيع.

16-عبدالعزيز:عمرو السيدصالح(2016)،استراتيجية البنتاجرام لتنمية مهارات التفكيرو حل المشكلات،مكتبة الانجلو المصرية.

17-عدنان:محمد محمد(2019)،مهارات التفكير بين النظرية والتطبيق-التفكيرالتاريخي انموذجا،دار المنهال للنشروالتوزيع،عمان-الاردن.

18-سليم:حنان(2013)،الاتجاهات الحديثة في العلاقات العامة،دار النهضة العربية،القاهرة-مصر.

19-حسين:عبدالرزاق(2010)،مهارات الاتصال اللغوي،مكتبة العبيكان،رياض-السعودية.

20-ابوالنصر:مدحت محمد(2012)،مهارات الاتصال الفعال مع الاخرين،المنهال للنشروالتوزيع،عمان-الاردن.

22-ابواصبع:صالح خليل(2006)،الاتصال والاعلام في المجتمعات المعاصرة،الطبعة الخامسة،دار المجدلاوي للنشروالتوزيع،عمان-الاردن.

23--k.v.s Raju A Tijaganna Haswamy(2022),Communication Skills Griet Skill Series, Hyderabad-India.

## The role of women's communication skills in the development of relationships in the media organizations

Women play a significant societal role and possess diverse skills that make them well-suited for numerous professional domains, including the media industry. Public relations is a field that focuses on communication and humanitarian efforts. The success of an organization in terms of growth and continuity relies heavily on the communication skills of its employees. In this context, the research topic explores the role of women, their communication skills, and their impact on persuasion. It aims to understand how women's influence positively contributes to the achievement of goals in media institutions. The research community comprises media institutions in the Kurdistan region of Iraq, overseen by managers and staff members responsible for managing the institution's relationships. The study used a descriptive-analytical methodology and a questionnaire to determine the degree to which the audience's communicative abilities influence the achievement of public relations objectives in media organizations. The research primarily focuses on the communication skills of women and their influence on media institutions' achievement and prosperity. The primary findings of the study indicate that women's involvement in the institution's relationship management is comparatively lower than that of men. Women possess superior communication skills in comparison to men. Because play a crucial role in helping media companies achieve their goals due to their dedication to the fundamental principles of effective communication.